مەندەلاوی ستایشی هەوڵەکانی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری دەکات

ئەمڕۆ چوارشەممە، موحسین مەندەلاوی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان، ستایشی هەوڵەکانی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری کرد لە پشکنینی ناوی کاندیدەکان بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان.

نوسینگەی ڕاگەیاندنی مەندەلاوی لە بەیاننامەیەکدا ڕایگەیاند: جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان پێزانینی زۆری خۆی بۆ ئەو هەوڵانەی دەستەی لێپرسینەوە و دادپەروەری دەربڕی لە پشکنین بە ناوی ئەو کەسانەی کە داوای کاندیدی دەکەن بۆ هەڵبژاردنی داهاتووی پەرلەمان.

بەگوێرەی بەیاننامەکە، مەندەلاوی ڕایگەیاند: چالاککردنی ئەم ڕێکارە یاساییانە دەبێتە هۆی پاراستنی ئەزمونی دیموکراسی لە عێراقی مۆدێرن و متمانەی هاووڵاتیان بە دەرئەنجامی هەڵبژاردنەکان و سیستەمی سیاسی زیاد دەکات.

جەختیشیکردەوە: دەرکردنی هەرکەسێك کە سەلمێنراوە پێیوەندی بە ئژمی دیکتاتۆری بەعسی خوێناوی هەیە لە بەشداریکردن لە هەڵبژاردنەکاندا، ئەرکێکی نیشتمانی و ئەخلاقییە، هەروەها هەنگاوێکە کە شایەنی ستایشی هەموو لایەك بێت بە دەسزیەکی بە هەموو پێکهاتەکانی گەلەکەمان کە ئازاری ئەو سەردەمە تاریکەییان چێشت و بەرگەی ئازارەکانیان گرت، و تەئکیدیشیکردەوە: لەسەر گرنگی هەموو هێزە نیشتمانییەکان کە بەشداری بکەن لە پشتیوانیکردن لەم پرۆسەی یاساییە بە پاراستنی دەستکەوتەکان و

پاراستنی ئەزموونی دیموکراسی.